# گەنج ژیانێکی باشی دەوێت

ئا : ئاسۆ
Asoahmad2004@yahoo.com

لاوانی کوردستان ئەوتوێژەن کەدەمێکە ناڕازیوو تورەی خۆیان بەرامبەر پێشێل کردنی مافەکانیان دەردەبڕن لەبەرامبەریشدا دەسەلأت دارانی کوردستان بێخەمن لەبەرامبەر داواکانی لاوان. ئەوکارانەی کە تاوەکوئەم چرکەساتە بۆلاوان کراوە هیچ سودێکی بەلاوان نەگەیاندوەو بگرە زۆر لەو پرۆژانەی کە کراون بەناوی خزمەت کردن بەم توێژەگرنگەی کۆمەڵ بارگران کردنی زیاتری گەنجان بوە ، ماوەیەك بەر لەئیستا پرۆژەی کۆمەك کردن بەلاوان لەکاتی پرۆسەی هاوسەریدا زیادکرا بۆ 3 هەزار دۆلار بەلام زۆری نەبرد کە ئەم پرۆژەیە راوەستا ماوەی چەند رۆژێکە لەرێگای کەناڵەکانی راگە یاندنەوە باس لەوە کرا ئەوسولفەیەدەدریتەوە بەلاوان ئەوەی لێرەدا قسە هەڵدەگرێت و گەنجان هەڵویستەی لەسەردەکەن ئەوە یە کە ئەم سلفەی زەواجە ناتوانێت وەلام بەژیانی لاو بداتەوە وە زۆربەی لاوانی کوردستان نیگەران و تورەن لە بەر پرسانی حکومەت کە وەڵام بەداواکاریە رەواکانی لاوان نادەنەوە ، لەم لاو لاش کار بەدەستانی حکومی و حیزبی باس لەوە دەکەن کە گەنجان خۆشیان نازانن چیان دەوێتو خاوەنی پرۆژە نین پرسیارەکە ئالێرەدا دەست پێدەکات کە ئایا حکومەت نازانێ گەنجان چیان دەوێت یان کار بەدەستان ئەم قسانەیان بۆشێواندنی راستیەکانە وە یانتێروانینەکانی دەسەلات راستە وەك کۆمەڵێك نوسەری حیزبی بانگەشەی بۆدەکەن کەلاوانی کورد پاسیڤن و نەیان توانیوە پرۆژە پێشکەش بە حکومەت بکەن . تائیستا ئەم کێشمە کێشە لەلایەن حکومەت لەلایەك و لاوان لەلا یەکی ترەوە بەردەوامە زۆربەی لاوان رایان وایە ئەو پرۆژانەی کەحکومەت وحیزب دەیکەن بۆلاوان خلتێنەرەو ئەو سەنتەرو رێکخراوانەشی کە کار بۆلاوان دەکەن لەلایەن حیزبەکانەوە دروست کراون ئەویش بۆئەو ئامانجەی لاوان کۆبکەنەوە بۆئەوەی لەورێگایەوە خزمەت بەحیزبەکانیان بکەن دانی سولفیزەواج یەکێکە لەوبریارانەی کەدەسەلات داویەتی بەمە بەستی خزمەت کردن بەلاوان ،

ئەوەی جیگای سەرنج و هەڵویستە کردنە ،ئەم بریارە لاوانی خۆشحال نەکردوە گەنجان رایان وایە ئەم بریارەی حکومەت ناتوانێت خزمەت بەلاوان بکات وبگرە بارگرانی زیاتر دەخاتە ئەستۆی لاوان زۆربەی پرۆژەکانی حکومەتیش لەلایەن لاوانەوە بەتوندی دەدرێتە بەر رەخنە وە بۆتە نهێنیەك کە تائێستا دەسەلات لێی تێناگات یاخود نایەوێت لێی تێبگات کەبۆچی ئەو کارانی کەحکومەت بۆلاوانیان دەکات بەهەند ی وەری ناگرن و دەدیدەنە بەررەخنە

بری سێهەزار دۆلار وەك سولفە بەولاوانی زەواج دەکەن دەبێتە هاندانێك بۆئەوەی لاوان بتوانن لەرێگای ئەم برە پارەیەوە دەست بەقوناخێکی تازەی ژیان بکەن و سادەترین ئاواتیان کەپێك هینانی ژیانی هاوسەریە بەدیبێنن ئایە ئەم بریارە ئامانج لێخزمەت کردنە بەلاوان یان مەبەستی سیاسی و خلتێنەری لەپشتەوە یە وە ك لاوان خۆیادەیلێن

بۆچی ئەم بریارە ناتوانێت خزمەت بەلاوان بکات

هێژا مەعروف :خوێند کاری زانکۆ لەوەلامی ئەم پرسیارە پێی وتم راستە سێهەزار دۆلار ئەدرێت

بەلام پێك هێنانی ژیانی هاوسەری لای لاوان بەو پارەیە تەواو نابێت پاشانیش خۆلاوان کێشەکە یان ئەوە نیە کە بەس زەواج بکەن بەڵکو ئیدامەدنە بەو زەواجە حکومەت خۆی باش دەزانێت ئەوەی خزمەت گوزاری بێت لەولاتی ئێمەدانیە پاشانیش تۆکەزەواجت کرد سادەترین شت ئەوە یە کە خانویەکت هەبێت تێدا بژیت کارێکت هەبێت هەست بە ئاسایشی ئابوری بکە یت تا ئایندەت لێدیار بێت باشە ئەمانە هیچی نیە چۆن زەواج بکەی

لەنیا بەرزان : من بەحکومەت ئەڵێم سێهەزار دۆلارمان مەدەنێ و هەرکەسێکیش زەواجی کرد سێهەزار دۆلاری لێوەرگرن بەو مەرجەی ئەوانەی کەداوای دەکەین بۆمان بکەن وەك دابین کردنی خان و دابین کردنی خزمەت گوزاری هەرزانکردنی بازار دابین کردنی ئیش ئیستا موچەی زۆرێك لە لاوان بەشی بەنزینی مۆلیدەناکات خۆزەواجیش بکەیت لەگەڵ هاوسەرەکەتا لەسەر شەقام ناخەویت دەبێت ماڵێکت هەبێت

شکار مەحەمەد :زۆربەی لاوانی ئێمە کەزەواج ئەکەن دوای پەشیمان ئەبنەوە ئەو هاورێیانەم کەزەواجیان کردوە زۆربەیان لە نارەحەتی و بێزاریدا ژیان بەسەر دەبەن ئەمە جگەلە چەندین کێشە ی خێزانی کەبەشێکان پەیوەندی نیە بە باری ئابورییەوە بەڵکو ئاستی رۆشنبیری لاوەکان زۆر نزمەو کەلتورو گۆمەلگەی دواکەو تو خیزانی ئاسودەی لێدروست نابێت ئەمە سەرە رای گرفتە ئابوریەکان بۆیە بەسێهەزاردوڵار کێشەکان چارەسەر نابن

جیهان حەسەن ::سێ هەزار دۆلار پێشەکی خانویەکە بۆستە با بۆت حساب کەم خانویەك لەگەرەکی ئازادی بەسێوەرەقەیە سالێکیش پێشەکی قاتی سەرەوە شە ئاوی سەر بەخۆشی نیە سالێك 36 وەرەقە واتا سێهەزارو شەسەت دۆلار ئەمە جگە لەبیانوی خاوەن ماڵ کەچەندین مەرجی هەیە وەك نابێت میوانت زۆربێت شەوان سەعات دە مۆلیدە دەکوژێنیتەو لەبەر ئەوەی کورکچەنازدارەکانی شەوان بەدەنگی مۆلیدە هەراسان دەبن نابێت ئاوزۆرکارکەی شت زۆربکری و خواردنی چەور بخۆی کرێکەت لەسەر زیاد ئەبێت ئیتر سێهەزار دۆلار بەشی چی ئەکات ئەم بریارانەی حکومەت شانی خۆخالی کردنە لەو بەرپرسیاریەتەی کەهەیانە بەرامبەر ئەم میلەتە هەژارو قور بەسەرە .

تیروانینی ئەم لاوانە ئەوبریارەی پێدام کەبچمە نێو بازارو زائیدوو ناقسێك بکەم بزانم پێکهینانی ژیانی هاوسەری بەشێوە یەکی هەژارانە چەندی تێئە چێت

لەسەرەتادا چومەلای بەرێزێکی زەرەنگەرو پێی ووتم زۆربەی لاوان بەهۆی هەژارییەوە 19 مسقاڵ ئاڵتون ئەکەن 19 مسقاڵ شەرعیەو نابێت لە19 مسقا ل کەمتر بێت یەك مسقاڵ ئالتونی عەیارە18 نرخەکەی هەشت سەد دینارە وە مسقاڵی عەیارە 21بەهەزاردینارە وە مسقاڵی خەلیجیش هەزارە پەنجادینارە وە لیرەی ڕەشادیش 1350 دینارە وە هەرزانترینیان عەیارە 18 یە کە 19 مسقاڵ نزیك 15 هەزارو دووسەد دیناری سویسری تێدەچێت .

- شیرینی خواردن و شەکراو خواردنەوەو گواستنەوە ش نزیك بە 5 هەزار دۆلار تەکلیف دەکات

کرینی پێداویستیەکانی ماڵو وردەکاری زۆری دەویست بۆیە لەگەڵ چەندین ژن و پیاودانیشتم و بەوردی بۆیان باس کردم ماڵ کردن ئەگەر بەشێکی کەمی پێداویستی ماڵ دابین بکەی نزیك بە 6 هەزار دۆلاری ئەو ێت ئەمە سەرە ڕای نە بونی شوێنی نیشتە جێ بون

بۆیە گەیشتمە ئەو دەرنجامەی لاوان بە مووچەیەکی کەم یان بەڕپی 3 هەزار دۆلار ناتوانن زەواج بکەن بۆیە نیگەرانی لاوان لەشوینی خۆیەتی

ئێمە نازانین لاوان چیان دەوێت ئەمە قسەی دەسەلاتە منیش دەیکەمە پرسیارو بەوهیوایەی کە کار بەدەستان وەلامی ئەم کۆمەڵە لاوە بخوێننەوە

ساسان جەماڵ :گەنج ژیانێکی باشی دەوێت ژیانی باشیش بریتیە لەکار ئازادی خۆش گوزەرانی

هۆزان مەحمود : سەنتەری دەست کردی حیزبەکانمان ناوێت شیعارو قسەی زلمان ناوێت گەندەڵیمانن

ناوێت ئەم بەرپرسانەی ئەمرۆمان ناوێت ئیتر هەمووشتێکمان دەوێت

فێنك قادر : هەرزان کردنی بازار کردنەوەی دەوراتی باش دابین کردنی ئیش چاك کردنی خزمەت گوزاری

خالید سالح : من وەك لاوێك دەمەوێت پێش هەمووشت ئەورێکخراوانەی کەهەیە بۆلاوان هەڵ بوە شێتەوە پاشان ڕێکخراوی ڕاستەقینەی لاوان هەبێت کەخزمەت بەلاو بکات ئەمە جگەلەوەی باشکردنی باری ئابوریو حکومەت و حیزب واز لەبازرگانی بازاڕبێنن هاوکاتیش چاك کردنی خزمەت گوزاری وە ك کارەبا ئاو تەندروستی یاسادەر وەر بێت ئەمانە خواستی منە وەك لاو

شنۆئە حمەد : من وەك خوێند کارێك وەك لاوێکیش داوای ئەوە ئەکەم کەحکومەت بەس گەندەڵی نەهێلێت هەمووشتێك چارەسەر دەبێت، بۆیەدەمەوێت گەندەڵی نەمێنێت

سەلام خەمناك : گەنج ئەیەوێت ڕۆڵی هەبێت دەیەوێت دەسەلاتی هەبێت دەیەوێت لەوپەڕاوێزیە بێتە دەر دەیەوێت کۆمەڵگا کەی لەدەردی پیری ڕزگار بکات کەئیستا لەگیا نەلا دایە گەنج دەیەوێت ڕیفۆرم بکات گەنج دەیەوێت داهێنەربێت گەنج دەیەوێت گۆمەڵگا بەرەو پێش بەرێت هەروڵاتێك هەر کۆمەڵگایەك ئەگەر گەنجەکانی پەراوێزکران ئەوا ئەو کۆمەڵگایە بەرەو داڕمان دەڕوات وەك کۆمەڵگای خۆمان گەنج لەکوردستان دەوێتی بەدەسەلات بلێت ئەو ڕێگایەی ئێوە گرتوتانەتەبەر خۆشتان و گۆمەڵگاکەش بەرو لەناوبردن دەبەن گەنج ئەڵێت نا بۆناعەدالەتی نا بۆگەندەڵی نا بۆ پشت گوێخستنی گەنج نا بۆفەر هود نابۆکۆنەپەرستی گەنج ئەمە ی دەوێت بەلام دەسەلات گوێیەکانی پڕکردوە لە لۆکە بۆئەوەی گوێی لێنەبێت لەم ولاتەی ئێمەدا پارتی ویەکێتی ئاگایان لەخشەی مارومێروە دەزانن لەگەڕەکێکا چەند کەس حیزبیی دەزانن هەمووشتێك ئەزانن بەلام نا یانەوێ ژیان لەم وولاتە جوانبێت

دڵنیا جەبار : کوروکچی ئەم ولاتە ئەیانەوێت خۆش بژین دەسەلات ئەبێت لەم قسەیە تێبگات خویان ئیستا خۆش ئەژین چی بۆخویان حەلالە با بۆخەلکیشی بکەن بۆنمونە لێرەدا دلنیاخان کەمێك ڕاماو

پاش وە ستانێك بە بزیەکەوە ووتی نا هەموشتێکی ئەوان بەکەلکی ئێمە نایەت ئەوان چەند ژن ئەهێنن لەسەروپاساوەن گەندەڵن پارەی خەڵك ئەخۆن ئێمە ئەوانەمان ناوێت بەس دەمانەوێت وەك ئەوان خانومان هەبێت کارەبامان هەبێت وەك کچو کورەکانی ئەوان بتوانین لەخوێندنی باش بەهەرەمەند بین ئەمرۆ لەیەکێك لەڕۆژنامەکان شتێکم خوێندەوە باسی ئەم پلانە تازەیەی ئەمریکای ئەکردلە ئاخریدا نوسەرەکەدەڵێت شانسی سەرکەوتنی ئەم پلانەی ئەمریکا وەك شانسی شەیتان وایە بۆچونە بەهەشت منیش ئەڵێم ئەگەر شەیتان چوە فیردەوسی یەزادان ئەوکاتەش حکومەتی هەرێم ئەتوانێت خوشگوزەرانیمان بۆدابین بکات

هەڵۆبەکر: گەنج داوای ئەوە ئەکات کە ژیانێکی باش کاری باش بۆلاوان بکرێت ئەگەر حکومەت نازانێت چیمان ئەوێت من پێی ئەڵێم ئەمانەمان ئەوێت کاربا و ئاو ڕیگەو بان چاك بکات

بازاڕ هەرزان بکا ت ئیش بۆ خەڵك دابین بکات کێشەی سەکەن چارەسەر بکات گەنج بخاتە نیوو بڕیاری سیاسی پیرە سەرکردەکان بنێرێتەوە ماڵەوە گەندەڵ چیەکان لا بەرێت ئەگەر ئەمانەش بکرێت وابزنم دونیا ئەبێت بەماستی مەیوو بەلام پارتی و یەکێتی ئەمە ناکەن ئەگەر ئەم کارانە بکەن دڵنیام پارتی ویەکێتی نامێنن لەبر ئەوەی گەندەڵی لای ئەوانە سەرکردە پیرەکانیش خۆیانن بازاڕیش خۆیان گرانی دەکەن لەبەر ئەوەی بازرگانن

٭ ڕەشبینی وبێئومێدی لاوان لەخۆرا سەر چاوەی نەگرتوەو نیگەرانیوڕەخنە توندەکانیشیان لەجیگای خۆیەتی ئەوەی دەبینرێت لاوان لەخەمی پاشەڕۆژی خۆیان و ئایندە ی وولاتە کەیانن زۆرێك لەولاوانەی کەپرسییارم لێکردن وەلامیان نەدامەوە وە پێیان ووتم دەسەلاتی ئێمە نە چاوی هەیەو نەگوێ وئێمەش نامانەوێت زەولاج بکەین و منالەکانمان بێکارەبا بن وە بەتاوانی دەزانن کە لەم ڕۆژەدا زەواج بکەن و وەك خویان ووتیان منالێك بهێنینە دوونیا یەك کەپرە لەهەژاریو کارەسات وە دەڵێن سێهەزاردوزلار ناتوانێت ژیانی لاو بەرو ئاسودەی ببات و

ئەم بڕیارەشیان وەك هەموو بڕیارەکانی تر خڵەتێنەرە .